# ئەو ساتە خۆشەم هێشتا لەبیرە*

ئەو ساتە خۆشەم هێشتا لەبیرە،
کە تۆی نەونەمام،
وەک تاپۆیەکی باڵداری تیژڕەو،
وەک ئیدیاڵێکی ئاسمانی و بێگەرد،
خۆت پێ نیشان دام.
لەناو دوودڵی و سەرقاڵیی ژینا،
دڵ پڕ ئێش و ژان، پڕ نائومێدی،
ماوەیەکی زۆر
دەنگی ناسکت زرینگایەوە و
خەونم بە شێوەی شیرینتەوە دی.

ساڵان هاتن و ساڵان ڕابردن،
گەلێک گەرداوی سەرکێش هەڵیان کرد،
دەنگ و شێوەتیان لەبیر بردەوە،
هەر خەونێکمیان بۆ ئاقارێک برد.

* * *

لە تەنیاییدا،

لە بەندیخانەی ئەنگوستەچاوا

ڕۆژانی ژینم بێدەنگ تێپەڕین.

نە خواپەرستی و سرووشیان تیا بوو،

نە دڵداخورپان، نە ئەشک و ئەڤین.

* * *

دڵم لێدەدا،

ئاوازی گەرمی لێوە هەڵدەڕژێ،

دیسان، سەرلەنوێ، بن ساباتی ژین

پڕاوپڕ بۆوە:

لە خواپەرستی،

لە ئەشک و سرووش،

لە سیحر و ئەڤین.

---

* تانوپۆی ئەم هۆنراوەیە هی شاعیری ڕووس پوشکینە ( وەگێڕانێکی ئازادە).